# ئەمە وەسفی خێر وچاکەیتان کرد، بۆیە بەهەشتی بۆ مسۆگەر کرا، وئەوی تر وەسفی شەڕ وخراپەیتان کرد، بۆیە دۆزەخی بۆ مسۆگەر کرا، ئێوە شاهێدیدەری خودان لەسەر زەوی

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: تێپەڕبوون بە لای جەنازەیەکدا، و وەسفی خێر وچاکەیان کرد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «مسۆگەر بوو»، وپاشان بە لای جەنازەیەکی تردا تێپەڕبوون، و وەسفی شەڕ وخراپەیان کرد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «مسۆگەر بوو»، عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: چی مسۆگەر بوو؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەمە وەسفی خێر وچاکەیتان کرد، بۆیە بەهەشتی بۆ مسۆگەر کرا، وئەوی تر وەسفی شەڕ وخراپەیتان کرد، بۆیە دۆزەخی بۆ مسۆگەر کرا، ئێوە شاهێدیدەری خودان لەسەر زەوی».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هەندێک لە هاوەڵان تێپەڕبوون بە لای جەنازەیەکدا شاهێدی خێر وپاباەندبوونیان بە شەریعەتی خوداوە بۆی دا، کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ستایشەکەیانی بیست، فەرمووی: (مسۆگەر بوو)، پاشا تێپەڕ بوون بە لای جەنازەیەکی تردا، شاهێدی خراپەیان بۆی دا، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (مسۆگەر بوو)، عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: واتای (مسۆگەر بوو) چییە لە هەردوو حاڵەتەکەدا (شوێنەکەدا)؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەوەی شاهێدی خێر وچاکەکاری وپاباەندبوونتان (ئیستیقامەتتان) بۆی دا؛ ئەوا بەهەشتی بۆ مسۆگەر بوو، وئەوەی شاهێدی خراپەتان بۆی دا؛ دۆزەخی بۆ مسۆگەر بوو، ولەوەیە بە مونافیقی ودوو ڕوویی بەناوبانگ بێت. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی ئەوەی دا کە هەرکەسێک کۆمەڵێک مسوڵمانی ڕاستگۆ وچاکەکار شاهێدی بۆ بدەن کە شایستەی چوونە بەهەشتە یان شایستەی چوونە دۆزەخە؛ ئەوا لە ڕاستیدا بە گوێرەی ئەو شاهێدیە دەبێت. ئەم شاهێدی دانە بە پێی حاڵی زۆرینە وکردەوە ئاشکراکانی مرۆڤەکانە ولەوەیە کەسێک لە کۆتا ساتەکانی ژیانی تەوبە بکات وکەس پێی نەزانێت یان کەم کەس پێی بزانن، یان لەوەیە بە پێچەوانەوە لە ڕێگای ڕاست لابدات وکەس پێی نەزانێت یان کەم کەس پێی بزانن؛ وخەڵکە چاکەکارە بەم حاڵەتە شاراوەی نەزانن وشاهێدی بۆ بدەن بەڵام شاهێدیەکیان پێچەوانەی ڕاستی حاڵەتی ئەو کەسەی بێت لە پاش مردن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8876